بەرپرسێکی: هەواڵی هێرشاندنەوەی حەشدی شەعبی دوورە لە ڕاستی

عەباس مووسەوی، نوێنەری ئەمینداری گشتی گرووپی چەکداری نوجەبای عێراق لە ئێران، هەواڵی هێرشاندنەوەی حەشدی شەعبی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەدرۆ خستەوە.

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەندێک میدیا لەسەر هێرشاندنەوەی حەشدی شەعبی هەندێک دەنگۆ و هەواڵیان بڵاوکردەوە، لەوبارەیەوە عەباس مووسەوی نوێنەری ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی نوجەبای عێراق (نزیک لە حەشدی شەعبی) لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی بە مەهری ئێرانی، ئەو هەواڵەی وەدرۆ خستەوە.

نوێنەری گرووپی چەکداری نوجەبا بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان لەو بارەیەوە لەلایەن میدیاوە بەدرۆ خستەوە و جەختی کرد: حەشدی شەعبی هەرگیز هێنەوەشاوەتەوە و ئەوش ووە نادات.

ناوبراو دەشڵێت: هەواڵی ڕاگەیاندنی هێرشاندنەوی حەشدی شەعبی لەلایەن مەدیایەکی بەعسیەوە بڵاوبووەتەوە کە پاگەندەی ئەو میدیایە ڕاست نییە، ئەو میدیایە جێگای بڕوا نییە و لە خزمەت پڕۆژەکانی ئەمریکایە.